مەریوان هەڵەبجەیی:

# سەرەتا ئەدەبی کوردی لای فارسەکان نەناسراو بوو، بەڵام ئێستا دەزگاکانی چاپی کتێب خۆیان بەدوای ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێن.

ئا/ سلێمان دڵسۆز



دوای وەرگێڕانی ڕۆمانی «ژانی گەل»ی ئیبراهیم ئەحمەد لە لایەن وەرگێڕی گەورە محەمەد قازییەوە بۆ سەر زمانی فارسی، تا چەند ساڵ لەمەوبەر تاکوتەرا شیعرەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس و ڕەفیق سابیر) لە لایەن چەند وەرگێڕێکی کوردەوە وەردەگێڕدران و لە گۆڤارە فارسییەکاندا بڵاودەبوونەوە. هەر ئەو کاتە ژمارەیەک نووسەرو ڕۆشنبیری گەورەی ئێرانی هەستیان بەوەکرد ئەدەبی کوردی قسەی بۆ گوتن پێیە و لە ریزی ئەدەبی جیهانیان هەژمارد. شاعیرێکی بەناوبانگی وەک (سەید عەلی ساڵحی) هەر لەرێگای ئەو وەرگێڕدراوە پەرتەوازانەوە عاشقی شیعری کوردی بوو و ئێستا لە ئێراندا

بەیەکێک لە دۆستە رۆحی و فەرهەنگییەکانی کورد دەژمێردرێ.

لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند تەقەللایەکی جیددی بۆ ناساندنی ئەدەب و نووسینی کوردی لە ئێران دەستی پێکرد و هەست بەوە دەکرێ تادێ ئەو هەنگاوانە گوڕ و، تینی زیاتر بەخۆوە دەگرن. ساڵی پار هەڵبژاردەیەک لەچیرۆکی کوردی بەقەڵەمی چیرۆکنووسی مەزن عەلی ئەشرەف دەروێشیان کرایە فارسی و بڵاوکرایەوە کە بەڕووداوێکی گرنگ بۆ ناساندنی ئەدەبی کوردی دادەنرێ. هەر لەو بوارەدا وەرگێڕی لاو و پرکار، (مەریوان هەڵەبجەی)ی بەهەوڵ و کۆششی بێ وچان توانیویە کۆمەڵێک بەرهەمی جوانی ئەدەبی کوردی وەربگێڕێ لەبواری وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ سەر زمانی فارسی چالاکی زۆری ئەنجام داون،با لەزمان خۆیەوە ئاگاداری ئەو چالاکییانەی بین:

*** بەشێوەیەکی گشتی تکایە باسی پڕۆژەی وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ فارسی بکەن و کێن ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کاردەکەن؟**

– لەڕاستیدا ئەگەر بمانەوێ باسی شتێک بەناوی پڕۆژەوە بکەین دەتوانم بڵێم تاوەکو پێش ئەم پرۆژەیەیەی کە زیاتر لە پێنج ساڵە بەردەوام کاری بۆ دەکەم شتێکمان نەبووە ناوی پڕۆژەی وەرگێڕان بێت لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی فارسی، چونکە پڕۆژە پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە و پێویستی بەکاری بەردەوامی جیددی هەیە، هەروەها بەزمانی درێژخایەن کە بەداخەوە لەگەڵ ئەو هەموو نزیکییەی کلتووری ئێمە لەگەڵ کلتووری فارس هەیەتی و ئەو هەموو پەیوەندیی و تێکەڵاوییەی بەدرێژایی مێژووی هەزاران ساڵە هەمانبووە تاوەکو ئەمڕۆ نەک هەر نەمانتوانیوە کارێکی بە بەرنامەمان هەبێ بەناوی پڕۆژەوە، بەڵکو پەڕاکەندی باش و سەرکەوتووشمان نەبووە. جا ئەمەش هۆیەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە و ئەو هۆکارانە چین کە بەدرێژایی ئەو مێژووە دێرینە ئەم کارە نەکراوە، ئەوە پێویستی بەقسەو باسێکی زیاتر هەیە، دەکرێ لەجێگایەکی دیدا بەفراوانی قسەی لەسەر بکرێت. ئەم پڕۆژەیەم بۆ یەکەمین جار بەشێوەیەکی جیددی ساڵی ٢٠٠٠ لە تاران دەستپێکرد و دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەشێوەیەکی پەراگەندەو بێ بەرنامە کارم دەکرد. لەم ماوەیەدا چیرۆکنووسی گەورەی ئێرانی «هۆشەنگ گوڵشیری» هاوکاری کردم و بەدەقەکاندا دەچووەوە و زۆر هانی دام بۆ ئەم کارەو دواتر کە ئەو کۆچی دوایی کرد رووم لە مامۆستای ئازیزم «کاک عەلی ئەشرەف دەروێشیان» کرد کە پەیوەندییەکی زۆر نزیک و دۆستانەم هەبوو لەگەڵیدا، پێشنیاری ئەو کارەم دایەو داوام لێکرد هاوکاریم بکات، ئەویش زۆر بەدڵفراوانییەوە قبووڵی کرد و هاوکارییەکی زۆری کردووم، منیش تاوەکو ئەمڕۆ درێژەم بەم پڕۆژەیە داوە بەبێ هاوکاری هیچ دەزگا و کەس و لایەنێکی ئێرەو ئەوێ، تەنیا بەعەشق بەئەدەبیات و زمان و فەرهەنگی گەلەکەم هەروا بەردەوامیش دەبم تا ئەدەبیاتی کوردی بەرهەمێکی تیابێت شایستەی ئەوەبێت وەربگێڕدرێتە سەر زمانی بیانی و بتوانێ روویەکی جوان و بەهێزی ئەدەبیاتی کوردی نیشان بدات.

*** تا ئێستا چەند کتێبت وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی؟ ئەو کتێبانە چین و لە چ بوارێکدا بوون، تا ئێستا چەندیان چاپکراون و چەندیان ئامادەی چاپە؟**

– تا ئێستا بیست کتێبم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و هەر هەموویان لەبواری ئەدەبیاتدان، واتە (شیعر، چیرۆک، رۆمان، هەروەها دوو شانۆنامەش » پێنج کتێبیان بەهاوکاری هاوڕێی ئازیزم (ئەمان جەلیلیان)بووە و پانزەکەی دی بەتەنیا خۆم ئەنجامم داوە و ئێستا پێنجیان بڵاوکراونەتەوەو ئەوانی دیکەش لەژێر چاپدان یان ئامادەن بۆ چاپ. گەر بمەوێ بەخێرایی ئاماژە بەناوی کتێبەکان بکەم واباشترە دابەشی بکەم بەسەر چوار خانەدا، ئەویش خانەی «رۆمان، چیرۆک، شیعر، شانۆنامەیە). (رۆمانی ئێوارەی پەروانە، دواهەمین هەناری دنیا، حەسار و سەگەکانی باوکم، مولازم تەحسین و شتی دیکەش، کۆمەڵە چیرۆکەکان( گەڕەکی داهۆڵەکان، پەتاتەخۆرەکان، پیرە پەپوولەکانی

ئێواران، زارومارەکان و چەند چیرۆکێکی دی. زارەکانی خەون، شیعر هەڵبژاردەی (شێرکۆ بێکەس)، هەڵبژاردەی شیعری (رەفیق سابیر)، هەڵبژاردەی شیعری (لەتیف هەڵمەت)، پرۆژەی شیعرەکە جیاوازە لە پرۆژەی چیرۆک و رۆمان، لەشیعرەکاندا پرۆژەیەکم هەیە لەگەڵ شاعیرو نووسەری گەورەی ئێران (سەید عەلی ساڵحی) بەناوی (کاهنان کردستان)، ئەویش هەڵبژاردن و وەرگێڕانی دەقەکان لە لایەن منەوە دەبێت و پیاچوونەوەو پێشەکی لەسەر نووسینی لە لایەن (سەید عەلی ساڵحی)یەوە دەبێت. بۆ هەر شاعیرەو کتێبێکی سەربەخۆ چاپدەکەین ئەمە بۆ یەکەمین جار کاری وا بکرێت، ئەوانەی تاوەکو ئێستا هەڵبژاردراون و دەقەکانیان وەرگێڕدراوە بۆ ئەم پرۆژەیە ( شێرکۆ بێکەس)، (رەفیق سابیر)، (دلاوەر قەرەداغی)، (بەختیار عەلی)، (جەمال غەمبار)، (هیوا قادر)، (کەژاڵ ئەحمەد)ە بەردەوام لەو پرۆژەیەی کە لەگەڵ سەید عەلی ساڵحییە، پرۆژەیەکی دی وەرگێڕانی شیعرم هەیە کە بەتەنیا خۆم ئەنجامم گەیاندووە و پێشەکیم بۆ نووسیون. ئێستا چواریان لەژێر چاپدان کە پێکهاتووە لە «لاوکی هەڵەبجەی، رەفیق سابیر» هەروەها وەرزی سەهۆڵبەندانی هەمان شاعیر، کارکردن لە دارستانەکانی فیردەوسدا، بەختیار عەلی، هەڵبژاردەیەک لە هەردوو کتێبی ئێکزیل و سپییاییەکانی ناوڕەش و رەشاییەکانی ناو سپی شاعیر (فەرهاد پیربال)، لەگەڵ هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی (ڕێبوار سیوەیلی). بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بەکورتی ئاماژەیان پێبکەم کە گەورەترین گرفتە لەبەردەم پرۆژەکەدا و بەشێوەیەکی گشتی لەبەردەم کاری فەرهەنگیی لە ئێراندا ئەوەیە.. لە ئێران بەگشتی سانسۆرێکی زۆر هەیە بووەتە هۆی ئەوەی پرۆژەکە بەباشی نەڕواتە پێشەوە، بۆ نموونە رۆمانی ( حەسار و سەگەکانی باوکم) لەدوای ئەوەی بۆ ماوەی سێ ساڵ مۆڵەتی چاپی نەدرایەو لەپشت دەرگای سانسۆرەوە مایەوە، ئەمساڵ بەناچار بەکەمێ سانسۆرەوە بلاوکرایەوە، ئێوارەی پەروانە سێ ساڵە مۆڵەتی چاپی نادەنێ. هەروەها گەڕەکی داهۆڵەکانی شێرزاد حەسەن. بەهەرحاڵ ئەمە گرفتێکی گەورەیە و ڕێگاچارەشی نییە. من ساڵێک دادەنیشم شەو و رۆژ کاردەکەم تا رۆمانێک یان کۆمەڵە چیرۆکێک وەردەگێڕم لەگەڵ هەموو دژوارییەکانیدا، کاتێ کە سانسۆر نایەڵێ چاپبێت و هیچ ئومێدێکت نامێنێ کە حەقی زەحمەتییەکەت وەربگریت و لەڕووی مەعنەویشەوە تێکدەشکێی و توانای کارکردنت نامێنێت. دواجار تۆ ناتوانیت هەرشتێ کە دەزگای سانسۆری ئەوەی دەیلێ قبووڵی بکەیت، چونکە ئەو کاتە ئەو کارەی کە تۆ دەیکەیت لەبری خزمەت دەبێت بەخیانەت. ئەگەرچی لەسەرەتاوە گرفتێکی دیکەی گەورەمان بەناوی (ناشر)ەوە هەبوو، چونکە ئەدەبیاتی کوردی لە ئێراندا نەناسراوبوو و هیچ ئینتیشاراتێ ئامادە نەبوو کتێبی کوردی چاپ بکات، چونکە هەم خوێنەری نەبوو هەم کەسیش نەیدەناسین، بۆیە هیچ ناشرێ ریسکی نەدەکرد کارێکی وا بکات، چونکە رەنگبوو ئەو کتێبەی کە چاپی دەکات و خوێنەر نایناسێ نەفرۆشرێت و پارەکەی بۆ نەگەرێتەوە، بەڵام لەپاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر و دوای چەندین ساڵ پەیوەندی لەگەڵ نووسەران و وەرگێرانی ناوداری ئێرانی، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ ئیتیحادی ناشرانی ئێران و خوێندنەوەی تەرجەمەی دەقە کوردییەکان لە کۆڕ و ئەدەبیاتەکاندا توانیم قەناعەتیان پێبکەم کە بێن و بەسەرمایەی خۆیان کارەکەم بۆ چاپ بکەن و نەترسن لەوەی بەرهەمەکان خوێنەریان نابێت و نافرۆشرێن. خۆشبەختانە ئەمڕۆ ئیتر دوای بلاوبوونەوەی ئەو چەند کتێبە باشترین ناشرەکانی تاران خۆیان دێن بەدوای ئەدەبیاتی کوردیدا و داوادەکەن بەسەرمایەی خۆیان کارەکە چاپ بکەن بەمەرجێ تەرجەمەکە سەرکەوتوو بێت.

*** ئەدی ئێستا چ کارێکی تازەت لەبەر دەستدایە؟**

- خەریکم کار لەسەر چەند دەقێکی (جەمال غەمبار)و( هیوا قادر )دەکەم کە ئومێدەوارم بتوانم

لەناو ئەو پرۆژەدا جێگایان بۆ بکەمەوە، حەزدەکەم زۆر باس نەکەم لەو بەرهەمانەی کە کاری تیادەکەم، چونکە بەهۆی سانسۆرەوە ناکرێ لە ئێران دڵنیابیت لە چاپی ئەو بەرهەمەی کە بەدرێژایی ساڵ کارت تیاکردووە.

*** پێشوازی خوێنەری فارس لەو بەرهەمە کوردییانە چۆن بووە؟**

- پێشوازییەکی زۆر چاک بوو بەڕاستی لە لایەن خۆمەوە شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو تا ئەو رادەیە پێشوازییەکی گەرم بوو کە بەڕاستی هەم زۆر خۆشحاڵی کردم هەم زۆری ترساندم، خۆشحاڵ بەوەی کە بۆ یەکەمجارە دەبینم ئەدەبیاتی میللەتەکەم لە لایەن میللەتێکی دی ئاوا بەگەرمی پێشوازی لێدەکرێت و دەخوێندرێتەوەو سوپاس و ستایشی قەڵەمی ئەو نووسەرەیان دەکرد کە تازە ئاشنادەکرێن و دەناسرێن بە کتێبخانەی ئەوان، زۆر نووسەرو رەخنەگر و وەرگێڕی گەورەی ئێرانی دەستخۆشانەیان لێکردووم بۆ وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانە بەردەوامیش داوای کاری زیاترم لێدەکەن و زۆر تینووی ئەوەن زیاتر ئاشنابن بەئەدەبیاتی کوردی و داوادەکەن بەرهەمی زیاتری ئەو نووسەرانە وەربگێڕم بۆ ئەوەی باشتر بیانناسن، ترسام لەو پێشوازییە لەو رووەوە کە ئیتر دەبێ بەحەساسییەتێکی زیاترەوە ئیش بکەین و دەست نەبەین بۆ هەر بەرهەمێک بۆ وەرگێڕان، چونکە ئەو خوێنەرەی کە بۆ بەرهەمی چاک راتهێنا، لەپڕ بەرهەمێکی کرچ وکاڵی بخەیتە بەر دەست ئیتر بێزار دەبێت و داوای بەرهەمی تازەت لێ ناکات. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە خودی کتێبخانەی فارسی چەند دەوڵەمەندە و ئەمڕۆ ئیتر ئێران یەکێکە لەو چەند وڵاتەی کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن و پێشڕەون لە حەرەکەی وەرگێڕاندا تا ئەو رادەیەی کە گەورەترین شاکارەکانی دنیا لە کەمترین زەماندا وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی فارسی و، ئەمەش بووەتە هۆی بەهێزی و هۆشیاری خوێنەرانیان. ئیتر ئا لێرەدایە کە دەبێ تۆ بەهۆشیارییەوە لەگەڵ ئەو خوێنەرەدا کار بکەیت. لەم ساڵانەدا دەزگا بەناو فەرهەنگییەکانی کوردستان نەک هەر هاوکارییان نەکردم، بەڵکو زۆر زوڵمیان لێکردم و کەم لوتفیان کرد بەرامبەرم، ئەمەش بووە هۆی بێزاریم و ویستم کۆتایی بەپرۆژەکەم بێنم و هیچ توانای کارکردنم نەمابوو، بەڵام ئەوەی هیواو گوڕو تینی دایەوە بەرمن و توانیم زەوق و ئاسایەکی زۆرەوە درێژە بەپرۆژەکەم بدەم پێشوازی گەرمی خوێنەرانی فارسی زمان بوو. پێشوازی هەم لە چیرۆکەکان هەم لە رۆمان و شیعرەکان بێ وێنە بوو، بۆیە بڕیارمداوە گەر دەرفەتم هەبێت هەندێ لەو رەخنانەی کە لەسەر بەرهەمەکان نووسراون وەریانبگێڕمە سەر زمانی کوردی و لێرە چاپ بکرێنەوە.

*** بۆ داهاتوو پرۆژەی چیتان لە خەیاڵدایە؟**

- پرۆژەکان زۆرن، زۆر شتم لە خەیاڵدایە و ئارەزوومە لە ئایندەدا کاریان لەسەر بکەم. یەکێک لەو کارانەی کە تازە تەواوم کردووە و هێشتا کاری پیاچوونەوەی ماوە کۆمەڵە چیرۆکی «زارەکانی خەون»ی چیرۆکنووس (عەتا محەمەد)، کە دەبێ لە ئایندەیەکی نزیکدا ئامادەی چاپی بکەم، ئەم کارەشم بەهاوکاری هاوڕێی ئازیزم (ئەمان جەلیلیان) ئەنجامداوە و یەکێکی دی لە کارەکانم وەرگێڕانی هەڵبژاردەیەک چیرۆکی کوردییە بۆ سەر زمانی فارسی و لەو پرۆژەیەدا زیاتر بایەخ بەبەرهەمی چیرۆکنووسە لاوەکان دەدەم و پێم باشە زیاتر بەرهەمی نووسەرانی دوای راپەڕین بێت، ناشرم هەیە بۆ ئەم کارەو هاوکات ئامادەبێت کێشەی چاپم نابێت، چەند دەقێکی شیعری (بەختیار عەلی)م لەبەر دەستدایە و هەندێکیانم تەواوکردووەو هەندێکیان کاریان ماوە، جارێ پێم وایە زەمانی زۆرم لەبەردەمدایە و دەبێت کاربکەم و هەر دەقێکی جوان لە هەر جێگایەکی کتێبخانەی کوردیدا سەرنجم رابکێشێت و کاریگەری هەبێت لەسەرم وەریدەگێڕم و کاری لەسەر دەکەم. ئارەزووەکان و خەونەکانم زۆرن، بەڵام پێویستیمان بە کات و هەوڵ و کۆششی زۆر هەیە.